# مەی دەبێتە هۆی تێکچوونی شێوەی کۆرپەلە*



ئارام فؤاد احمد

راپۆرتێکی پزیشکی لە شاری (بون) لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٤)دا بڵاو کرایەوە دەربارەی ئەو زیانانەی کە تووشی منداڵی ئەو دایکانە دەبێ، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەکاتی سک پڕیدا (مەی) دەخۆنەوە...

راپۆرتەکە دەڵێ: هەموو ساڵێ لە ئەڵمانیای رۆژئاوای ئەو کاتە (٣٠٠٠- ٥٠٠٠) منداڵی تێکچوو زگماکمان دەبن لە ئەنجامی مەی خواردنەوەوە، کۆمەڵەی پزیشکەکان لە کاتی کۆبوونەوەکانیاندا ئاماژەیان بۆ ئەم راستیانە کرد بۆ توێژنیەوەی زیانەکانی مەی خواردنەوە لەکاتی زگ پڕیدا.

پزیشکەکان لە راپۆرتەکەدا (مەی)یان وەك ژەهرێك سەیر ئەکرد بۆ کۆرپەلە...

بە ناهەموارییەکی گەورەیان ژمارد بۆ تەندروستی کۆرپەلە لە پێش لەدایك بووندا.. وتیان لەگەڵ هەندێك دەرمانی زیان بەخشو نەخۆشییە دەرمەکاندا هیچ جیاوازییەکی نییە.



وە هەر لە هەمان راپۆرتدا ئاماژە بۆ ئەمە کراوە کە خواردنەوەی (مەی) بە تایبەت لەکاتی سك پڕیدا سستی گەشەی کۆرپەکەو بچووکی قەبارەی سەری منداڵە لەکاتی بووندا.

زۆربەی ئەم نەوانەی لە خەڵکی تروەوە جیا دەکرێتەوە کە لوتیان لە شێوەی ئاسایی زۆر بچوك تروە تێك چووەو لێویان زۆر تەنگو گوێیان لە شێوەو جێگەی سروشتی دانێن..

هەروەك دووری نێوان هەردوو چاوی منداڵ شیرە خۆرەکە لە شێوەی سروشتی زیاترە... لەنیشانە جیاکەرەوەکانی منداڵی ژنە (مەی) خۆرەکان ئەوەیە کە رێژەیەکی زۆریان بە دەست ناتەواوی گەشەی دەروونزانیو هۆشی یەوە ئەناڵێنێت...

لە نیشانەکانی ئەم دواکەوتنە: راپۆرتەکە ئەڵێن: ناڵاندنی بەشی زۆری ئەم منداڵانە بەدەست ترسنۆکیو تورەیی لە سنوور بەدەر.. ئەوانە بێجگە لە تەنگو چەلەمەی گەورەیان لە توانای خواردنو خەودا.

وە دوای چەند ساڵێك ئەم منداڵانە توشی تێچوونی توانا ووردەکاریو قسەکردنو لاوازبوونی زیرەکیان دەبن، توێژەرەوەکانی ئەلمانیا لەم کارەیاندا پشتیان بەستووە بەو ئامانجانەی کە هەندێ توێژەوەی ئەمریکی پێش ئەمانە پێی هەڵسابوون ئەڵێن: نەك هەر لە کاتێکدا دایکەکە بە بەردەوامی لەکاتی سك پڕیدا مەی بخواتەوە، بەڵکو گەر کەمیش بخواتەوە، ئەگەری تووشبوونی منداڵەکەی بەو ناهەموارییانە هەر لە ئارادایە، وە هەروەك لە راپۆرتە ئەمریکیەکاندا هاتووە، کە ئەگەری لە بارچوونی منداڵەکە لە سێ مانگی یەکەمدا زۆر نزیکە، تەنانەت گەر دایکەکە هەفتەی دوو جاریش مەی بخواتەوە.

توێژەرەوە ئەمریکیەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە (٦٠) گرام لە کهولی پاڵاوتە لە هەر هەفتەیەکدا بەسە بۆ ئەوەی کە دژواری لەبارچوون زیاد بکات. ئەم هێندەش لە تەنها لیترو نیوێك دا هەیە.

لە کۆتایی راپۆرتەکەدا دکتۆرە ئەڵمانییەکان ئەڵێن ئەگەر دایکەکە لە پێشدا بە بەردەوامی مەی خواردبێتەوە بەڵام ماوەیەکی باش پێش ئەوەی سگی پڕ بێت بە کۆرپەکەی واز لەم کارە بهێنێ بە یەك جار، ئەوانە ئەگەری لەدایك بوونی منداڵێکی ساغو رێك پێك زۆر زۆر گەورەیە.

* لە کتێبی ( سۆمای دیدە ) وەرگیراوە

## دروستکردنی شوقەکانو خەونی خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان

مەلا ئەحمەد حسن لهێبیانی*

لە جیهانی ئەمڕۆدا شوێنی نیشتەجێ بوون لە بوارە گرنگەکانی ئابوری دادەنرێت بە گشتی بەتایبەتی بۆ توێژی (خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان) زۆربەی هەرە زۆریان گرفتی شوێنی حەوانەوەیان هەیە راستە پەشێکیان زەویان پێدراوە بەڵام ئەوانیش ناتوانن بیکەن بە خانوو ئێمە پێمان باشە حکومەتی هەرێمی کوردستان گەر بکرێت بەشێك لەو (شووقانە) بە جیا بۆ ئەم توێژە دیاری بکات کە ئێستا لەسەر رێگای بەحرکەو مەلا ئۆمەرو کەسنەزان کاری تێدا دەکرێت بەحقیقەت بە بڕیاردانی سەرۆکی حکومەت بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە گەورەیە لەدەورووپشتی شاری هەولێربووە مایەی هەستکردنی هاوڵاتییان بە هاوڵاتی بوونی خودی خۆی لەو دەقەرە چونکە یەك لەمافەکانی هاوڵاتی هەقی (نیشتە جێبوونە) لەو وڵاتی تیادەژی چینی خاوەن پێداویستە تایبەتیەکانیش بە بەردەوام چاوەروان کە حکومەت ئاوڕێکیان لێبداتەوەو بەشێك لەم شوقانەیان بۆ دیاری بکات ئاشکراشە لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی بەغدا نرخی خانوو بەرە بەشێوەیەکی سەرسوڕێنەر زیادیکردووە لە توانای هەموو کەسێك دانییە ببێتە خاوەن زەوی یاخود خانوو بەتایبەتی توێژی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بۆ ئەوان زۆر زەحمەت ترە. لێرەدا حکومەتی هەرێمیش پێویستە ئەمڕۆ بەو توێژە بڵێت ئێوە مافێکی شەرعی خۆتانە شوێنی حەوانەوەتان هەبێت بۆ خۆیان کە زۆر پێویستیان پێیەتی وە دەبێتە کارێکی مرۆیی.

وە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆمەڵە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان داوا لە کۆمەڵەکەی خۆیان دەکەن کە داواکاری بکرێت لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی داواکارییەکەی سەرەوە سەبارەت بەم شوقانەو زەوی نیشتەجێ.

* ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی نابینایان و کەمبینانی کوردستان